# ئەنجوومەنی پیرانی ئەمریکا ڕەزامەندی لەسەر دابەشکردنی عێراق دەدات

ڕۆژی گەل

سەرەنجام ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی 26-9-2007 ئەنجوومەنی پیرانی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە زۆرینەی دەنگ ڕەزامەندی خۆی لەسەر پلانی دابەشکردنی عێراق داو جەختی کردەوە کە بۆ ڕێگەگرتن لەبەردەم تەشەنەکردنی توندوتیژی لە عێراق بڕیاری جێبەجێکردنی دابەشکردنی عێراق تاکە چارەسەرە، هەرچەندە بڕیارەکە مەرجی جێبەجێکردنی لەگەڵ دانیە، بەڵام دیسانیشەوە بۆ ڕزگاریخوازان و ئازادیخوازانی کوردستان سەرکەوتنێکی گەورەیە.

ڕاستیەکەی ئەو پلانە لەلایەن **جۆزێف بایدن** سیناتۆری دیموکراتخواز و کاندیدای کۆشکی سپی بە هاوکاری **لێزلی گێڵپ** پسپۆڕی سیاسەتی دەرەوەی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکای سەردەمی سەرۆکایەتی **جیمی کارتەر**، داڕێژراوە. ئەوان پێشنیاری ئەوەیان کردبوو کە سێ دەوڵەتی فیدراڵی کوردی وسوننی و شیعی لە عێراق دروست بکرێن، بەو مەرجەی حکومەتی ناوەندی بەغداد سەرپەرشتی بۆندەکانی نەوت و پاراستنی سنوورەکان بکات. ئەم پێشنیارە تەواو پێچەوانەی بەرنامەی جۆرج دەبلیو بووش سەرکۆماری ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو کابینەکەیەتی کەبەردەوام پێداگری لەسەر یەکپارچەیی خاکی عێراق و یەک حکومەتی دەکەنەوە، لەهەمان کاتدا پێچەوانەی پێشبینی و خواستەکانی زۆرینەی سەرکردە عێراقیەکانە کە هەمیشە دابەشکردنی عێراق بۆ سەر چەند هەرێم و دروستکردنی چەند دەوڵەتێکی سەربەخۆ بە خەون دەزانن و ڕەتی دەکەنەوە. لە هەمان کاتیشدا هاوکاتە لەگەڵ پێشبینیەکانی حزبی ڕزگاریی کوردستان دا کە ماوەی چەند ساڵێکە ڕاشکاوانە بانگەشەی ئەوە دەکات و جەخت دەکاتەوە و دەڵێ کە ئاکام ئەمریکاو وڵاتانی جیهان و خودی پێکهاتەکانی عێراقیش بەو ڕاستیە دەگەن کە دەبێ عێراق بەو سنوورەی ئێستای هەڵبوەشێتەوە، بۆ بڕیاردان لە چارەنووسی هەر سێ ویلایەتی موسڵ و بەغداد و بەسرە کە بە زۆرەکی بەیەکەوە لکێنراون پرس و ڕاوێژ بە گەلانی عێراق بکرێ.

هەر سەبارەت بەو ڕامانە ڕۆژی 1-5-2003 دا ڕێکار ئەحمەد سکرتێری گشتی حزبی ڕزگاریی کوردستان نامەیەکی بۆ جۆرج بووش سەرۆکی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نارد کە تێیدا نووسیبوی: **دەبێ ئەو ڕاستیە لەبیر نەکرێ کە کێشەی عێراق تەنیا بە ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام چارەسەر نابێ نەکەر بۆ سەرچاوەو هۆکارەکانی نەگەڕێینەوە، کرۆکی کێشەکە لە پێکەوەلکاندنی ناڕەزوومەندانەی ویلایەتەکانی (موسڵ ، بەغداد و بەسرە)دا خۆی دەبینێتەوە. ئەمڕۆش ئەو کێشەکە تەنیا بەوەچارەسەر دەکرێ کە ڕێگە بە گەلی کوردستان بدرێ لەژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکاندا لە ڕیفراندۆمێکی ئازاددا بڕیار لەچارەنووسی خۆی بدات و دەوڵەتی سەربەخۆ پێکبهێنێ.**

تەنانەت لەسەر ئەو ڕامان و بۆچوونانە زۆرێک لە هێزە عێراقچیەکان دژایەتی خۆیان بۆ حزبی ڕزگاری ڕاگەیاندووە و هەوڵیان داوە پێشبینی و ڕامانەکان پوچەڵ بکرێنەوە.

سەبارەت بە ڕەزامەندی ئەنجوومەنی پیرانی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەسەر دابەشکردنی عێراق، **هاری ڕید** سەرۆکی زۆرینەی دیموکراتخوازەکان لە کۆنگرێسی ئەمەریکا گوتوویەتی: پەیڕەوکردنی ئەو بڕیارەی کۆنگرێسی ئەمریکا یارمەتیدەر دەبێ تاوەکو هێزەکانی ئەمەریکا خۆیان بۆ شەڕی دژەتیرۆر تەرخان بکەن!




جێگەی ئاماژەیە پلانی دابەشکردنی عێراق بۆ سەر سێ دەوڵەتی فیدراڵی کوردی و شیعی و سوننی لەلایەن ئەندامانی ئەنجومەنی پیرانەوە بە کۆی 75 دەنگ بەرانبەر بە 23 دەنگ پەسەندکرا، ئەوەش ناڕەزایی کۆمارییخوازەکانی لێکەوتەوە، لەم بەستێنەدا سیناتۆر **سام براونباک** پاڵێوراوی کۆمارییخوازەکان بۆ سەرۆکایەتی ئەمەریکا گوتوویەتی: "پەیڕەوکردنی ئەو پلانە لە عێراق هەڵەیەکی گەورەیە و ئەنجامدەدرێ!

ڕاستیەکەی ڕەزامەندیدان لەسەر دابەشکردنی عێراق بۆ سێ هەرێمی فیدراڵ سەرەتای کاری ئەنجوومەنی پیرانی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە، چونکە ئاکام هەم ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەمیش وڵاتانی جیهان ناچار دەبن کە ڕەزامەندی لەسەر هەڵوەشانەوەی عێراق بدەن، چونکە عێراق بەو سنوورەی ئێستایەوە ، بەوشێوازەی کە بە درێژایی 85 ساڵی ڕابردوو فەرمانڕەوایەتی تێدا کراوە دەلیڤەی بەیەکەوە ژیانی لە نێوان پێکهاتەکان دا نەهێشتۆتەوە، هەم زیانێکی گەورەی بە خودی بەرژەوەندی پێکهاتەکان گەیاندووە هەمیش وڵاتانی ناوچەکەی دووچاری زیان وماڵوێرانی کردۆتەوە.

توندوتیژیەکانی هەنووکە کە لە نێو عێراقدا بەڕێوەدەچن گەواهی ئەو ڕاستیە دەدەن کە پێکهاتەکان و هێزە سیاسیەکان بە چاوی هاونیشتمانی لەیەکتر ناڕوانن، بەڵکو بەدوای تۆڵەکردنەوەو بەچۆک داهێنانی بەرانبەرەکەیان دا دەگەڕێن، چونکە ئەگەر بۆچوونی هاونیشتمانی لەنێوان پێکهاتەکان دا هەبووایە هەرگیز هێزە توندڕۆکان لەم کاتە ناسکەدا بە شێوەیەکی دڕندانە کوردانی ئێزدیان کوشت و بڕ نەدەکرد، ئەگەر گیانی برایەتی و هاوبەرژەوەندی لەنێوان پێکهاتەکانی عێراق دا هەبووایە هەرگیز سوننەو شیعە بەم شێوەیەی کە هەیە تینوی خوێنی یەکتر نەدەبوون و دەستیان نەدەچووە خوێنی ژن و منداڵ و بەساڵاچووانی بەرانبەرەکەیان. ئەگەر گیانی دۆستایەتی و یەک ناسنامەیی لەنێوان پێکهاتەکانی عێراق دا هەبووایە هەرگیز عەرەبی فەرمانڕەوا بە درێژایی 85 ساڵی ڕابردوو دڕندانەو ڕەگەزپەرستانە هەوڵی جینۆسایدی کوردستانیانی نەدەدا، سیاسەتی بە عەرەبکردنی پێڕۆ نەدەکرد، تەنانەت ئەگەر دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسیش هەنگاو بۆ قولکردنەوەی دۆستایەتی و هاونیشتمانی بهاوێژرابووایە، ئێستا عەرەب بەهەموو هێزەکانیانەوە سەرسەختانە دژایەتیان لەگەڵ گەڕانەوەی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکانی دیکە بۆ سەر هەرێمی کوردستان نەدەکرد. تەنانەت ئەگەر گیانی مرۆڤدۆستانەش لەنێوان پێکهاتەکانی عێراق دا هەبووایە سوپای عێراق فەرمانی کیمیابارانکردنی گوندو شارۆچکەکانی کوردستانیان جێبەجێ نەدەکرد، شاڵاوی ئەنفالیان بەڕێوەنەدەبرد، بە شێوازی دڕندانە ڕاپەڕینەکانیان سەرکوت نەدەکرد.

شارەزایان و پسپۆڕان و چاودێرانی سیاسی زۆر باش درک بەو ڕاستیە دەکەن و دەزانن کە هەڵەیەکی گەورە لە دروستکردنی عێراق دا کراوە، تاوانێکی نەبەخشراو دژ بە گەلەکان ئەنجام دراوە، هەڵەکە بە باڵادەستکردنی سوننەکان و فەرمانڕەوایەتیان قوڵتر کراوەتەوە، تاوانەکەش بە پێداگرتن لەسەر یەکپارچەیی خاکی عێراق برەوی پێدراوە، ئێستا سەرکۆماری ئەمریکاو سیاسەتمەدارانی جیهانیش دەزانن ئەو برینانەی کە بە درێژایی 85 ساڵی ڕابردوو لە عێراق دا کراون وا بە ئاسانی سارێژناکرێنەوە، تاکە چارەسەریش خۆی لە سەرپشک کردنی پێکهاتەکان دا دەبینێتەوە، چونکە ئەگەرمافی بڕیاردانی چارەنووس بۆ پێکهاتەکان گێڕدرایەوەو سەربەخۆیی و ئازادی لە هیچیان زەوت نەکرا، وەکهەڤی و یەکسانی پێڕۆکرا، ئەوانیش دەزانن چۆن بڕیار لە داهاتووی خۆیان بدەن.

بێگومان سیاسەتمەدارانی ئەمریکا ئاگایان لە ناکۆکیەکانی نێوان پێکهاتەکانی عێراق هەبووە، بەڵام ئەوان پێیانوابوو مادام خوێنداری و ناکۆکی و یەکتر پەسند نەکردن لەنێوان گەلانی عێراق دا هەیە ئیدی بەجێگیرکردنی هێزەکانی بیانی لە عێراق هەموو پێکهاتەو هێزەکان سوپاسی ئەمریکا دەکەن و گوێڕایەڵی لێ دەکەن، بەوهۆیەشەوە ئەمریکا دەستی لە سامانەکانی عێراق گیر دەبێ و بەرژەوەندەکانی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گەورەتر دەکاتەوە، ئەوان بیریان لەوە نەکردبۆوە کە مافی زەوتکراو بۆ خاوەن ماف بگێڕنەوە، ئەوان هەرگیز شکان و دۆڕانیان بەبیر دا نەدەهات، بەڵام ئێستا لە کاتێکدا کە هێزەکانیان لە زۆنگاوەکانی عێراق دا گیریان خواردووە و ڕێگەی گەڕانەوەیان بزر کردووە، لەخۆباییانە دەستدرێژی لەسەر سەرەوەری کوردستانیان دا دەکەن، نرخ و بەهایێک بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دانانێن و هەوڵی قوڵکردنەوەی کێشەکان دەدەن، بەڵام ئاکام دەبێ دان بەو ڕاستیە دابنێن کە باشووری کوردستان بەبێ ویست و خواستی گەلەکەیەوە بە عێراقی عەرەبیەوە لکێندراوە، دەبێ ڕزگاری و سەربەخۆیی بۆ بگێڕدرێتەوە.

---

# ئەگەر من تورکمان بم هاونیشتمانی کوردستان هەڵدەبژێرم

ئاکۆ مەجید

لەیەکەم کاردانەوەی بەرەی تورکمانی لەسەر ڕەزامەندی ئەنجوومەنی پیرانی ئەمریکا بۆ دابەشکردنی عێراق بۆ سێ هەرێمی فیدراڵ، **جەمال شان** جێگری سەرۆکی بەرەی تورکمانی گوتویەتی: ئەگەر عێراق بۆ سێ هەرێمی فیدڕاڵ دابەشبکرێ، ئێمەش وەک تورکمانەکان هەرێمی چوارەم ڕادەگەیەنین!!

ئەم لێدوانەی جەمال شان هاوکاتە لەگەڵ ئەو مقۆمقۆیەی کە ماوەیەکە لەنێو تاکەکانی نەتەوەی تورکمان نیشتەجێ لە شارەکانی باشووری کوردستان دا پەیدابووە و دەپرسن: ئایا خۆمان بە کوردستانی بزانین لەبەرژەوەند دایە یان پێداگری لەسەر یەکپارچەیی خاکی عێراق بکەین و جەخت لەسەر ناسنامەی عێراقی بکەینەوە؟!

هەڵبەت هەموو کەسێک دەزانێ کە نەتەوەی تورکمان بەهۆی فتوحاتی ئیسلامی، شاڵاوی کۆچکردن، پەلامار و شەڕەکانی تەتەرو ئێزبەک و عوسمانلیەکانەوە هاتوونەتە باشووری کوردستان و تێیدا جێگیربوونە، ئێستاش بە تێپەڕبوونی کات ئەوان وڵاتیی ئەم نیشتمانەن و کەس ناتوانی نکوڵی لە ناسنامەی نیشتمانیی بوونیان بکات، بەڵام هەرگیز ئەو زێدەڕۆیانەش لەبەرژەوەند دانیە کە بە ئەنقەست ژمارەی تورکمان زۆرتر لەوەی هەیە پێشان دەدرێ و باس لەهەبوونی 3 ملیۆن تورکمان لە شارەکانی کوردستان دەکرێ، یان بۆ بەرژەوەندی دەوڵەتی تورکیا پەلپ و بیانۆی هەبوونی خاکی تایبەت دەگیرێ و داوای هەرێمی تایبەت دەکرێ. بێگومان خودی جەمال شانیش ئەو ڕاستیە باش دەزانێ کە هیچ شارو شاروچکەیەک لە کوردستان و عێراق دانیە کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی تورکمان بێ، کەواتە ڕاگەیاندنی هەرێمی سەربەخۆ بۆ داپۆشینی ئەو سیاستە پاوانخوازەی تورکیایە کە کرێگرتەکانی هەوڵی بۆ دەدەن.

بەدرێژای سەدەکانی ڕابردوو ئەو تورکمانانە لە باوەشی کوردستان و لە نێو کوردستانیان دا ژیاون، تێکەڵاوی زۆریان لەگەڵ کورد پەیداکردووە، بەگوێرەی بەڵگە مێژوویەکانیش ئەو شوێنانەی ئەمڕۆ ئەوان تێیدا نیشتەجێن خاکی کوردستانە، بۆیە بەهەموو ژیری و لۆژیکێکەوە بەرژەوەندی تورکمان لەوەدایە کە ناسنامەی کوردستانی پەسند بکەن و لەنێو کۆمەڵگەی کوردستاندا جێگەی خۆیان بکەنەوەو ماف و ئازادیەکانی خۆیان مسۆگەر بکەن. هەرچەندە ئێستا سەرانی بەرەی تورکمانی بە ئاراستەی دەزگەی سیخوڕیی تورکیا دان بە هەرێمی کوردستان و ناسنامەی کوردستانیبوونی کەرکوک دانانێن و دەیانەوێ عێراق بۆ هەرێمی فیدراڵ دابەش نەکرێ، بە یەکگرتووی و یەکپارچەیی بمێنێتەوە!! بۆ ئەم مەبەستەش زۆر سەرسەختانە دژایەتی لەگەڵ هەرێمی کوردستان و ناسنامەی کوردستانی دا دەکەن، بە بۆنەو بێ بۆنە لە عەرەبی دەمارگیرو ڕەگەزپەرست زیاتر پێداگری لەسەر یەکپارچەیی خاکی عێراق دەکەنەوە، لە کاتێکدا باش دەزانن کە بەرژەوەندی ئەوان لەگەڵ هەرێمی کوردستان دایەو بەس.

ئەگەر بە درێژایی تەمەنی دەوڵەتی عێراق بەو سنوورەی ئێستایەوە زوڵم و ستەمیش لە تورکمان کرابێ، ئەوە عەرەب ئەو ستەمەی لێ کردوون، چونکە فەرمانڕەوایانی عەرەب نکوڵیان لە هەبوونی تورکمان کردووە، ئەوانیان لە کەرکوک ڕاگوێزاوە، هەوڵیان داوە بەزۆر ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان بۆ عەرەب بگۆڕن، بەڵام هەرگیز کورد ئەو ستەمانەی لێ نەکردوون، ئێستاش لەوەتەی لە بەشێکی هەرێمی کوردستان دا هێزە کوردستانیەکان فەرمانڕەوایەتی دەکەن، ئازادی سیاسی و خوێندن و ڕۆژنامەگەری بۆ تورکمان ئاوەڵا کراوە، زیاد لە پێویست هاوکاری و دڵنەوایی دەکرێن. ڕێژەی نوێنەرایەتی تورکمان لە پەرلەمانی کوردستان دیاری کراوەو زۆریش لەو ڕێژەیە زیاترە کە ئەمڕۆ تورکمان لەنێو پەرلەمانی عێراق دا هەیانە.

دەبێ ڕۆشبیرانی نەتەوەی تورکمان و هێزە وسیاسیەکانیان وردبیانە بیر بکەنەوە و ژمارەی خۆیان لەگەڵ کوردو عەرەب دا بەراورد بکەن، گریمان ژمارەی تورکمان لە سەرتاسەری عێراق یەک ملیۆن کەس دەبێ، ئەگەر ئەو یەک ملیۆن کەسە لەنێو 26 ملیۆن عێراقی دابن ئەوە زۆر بچووک دەردەکەون، مافەکانیشیان کەمتر دەبێ، بەڵام ئەگەر یەک ملیۆن تورکمان لەنێو شەش ملیۆن کوردی هەرێمی کوردستان دابێ، ئەوکاتە ڕێژەکەیان گەورەتر پێشان دەدرێ، بەمەش مافەکانیان زیاتر مسۆگەر دەبێ. بۆیە ڕاشکاوانە دەڵێم: ئەگەر من تورکمان بم، دڵسۆزی بم، نیشتمانپەروەر بم و بەرژەوەندی نەتەوەی خۆمم لەبەرچاو بێ، دریغی لەوە ناکەم و هەوڵی پێکهێنانی کوردستانێکی سەربەخۆ دەدەم، چونکە ئەو کاتە منی تورکمانیش لەنێو ئەو قەوارەیەدا ماف و دەستکەوتەکانم زۆرتر دەبێ، ئەوکاتە دەوڵەتی کوردستان ناچار دەبێ کە گوێ لە دەنگی من بگرێ، پێشێلکاری لەسەر مافەکانی من دا نەکات، بەڵام ئەزموونی مێژوو لەگەڵ فەرمانڕەویانی عەرەب تاڵە و ناشاردرێتەوە.

---

# عێراق و تورکیا پەیماننامەی کاری هاوبەش نوێ دەکەنەوە!

داڕەوان عەلی

ڕۆژی هەینی28-9-2007 لە بارەگای وەزارەتی ناوەخۆی تورکیا لە ڕێورەسمێکی فەرمیدا **بەشیر ئەتالای** وەزیری ناوخۆی تورکیاو **جەواد بۆلانی** وەزیری ناوخۆی عێراق پەیماننامەی کاری هاوبەشیان واژۆکرد، ڕێورەسمەکەش ڕاستەوخۆ لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی تورکیا پەخش دەکرا.

لە پەیماننامەکەدا هاتووە کە کۆمیتەیێکی هاوبەش بۆ بەدواداچوون و جێبەجێکردنی پەیماننامەکە پێکدەهێنرێ، هەروەها شەش مانگ جارێک کۆبوونەوەی هاوبەش لەنێوان هەردوولادا بەڕێوەدەچێ.

بە درێژایی تەمەنی هەردوو وڵات چەندین ڕێککەوتننامەو پەیماننامەی هاوبەش ئیمزا کراون و هەمووشیان دژ بە بەرژەوەندەکانی گەلی کوردستان بوونە، ئەمجارەشیان بەمەبەستی لێدانی پارتی کرێکارانی کوردستان، لەسەر داوای تورکیاو بە بڕیاری ئەمریکا ئەم پەیماننامەیە واژۆ کراوە، بەمەش ڕەوشی کوردستان بەرەو ئاژاوەو ئاڵۆزی پەلکێش دەکات و نیگەرانی کوردستانیانی لێدەکەوێتەوە.

ئەم پەیماننامەیە بۆ ڕفاندن و ڕادەستکردنەوەی سەرکردەکانی پەکەکە واژۆ کراوە، بەڵام هەردوولاشیان دڵنیان کە ئەو کارە لە توانای ئەوان بەدەرە، لەلایەکەوە حکومەتی عێراق لەم کاتەدا ئەو توانایەی نیە کە هێزەکانی خۆی بێنێتە باشووری کوردستان، تورکیاش بەختی خۆی تاقیکردۆتەوەو سەری خۆی لە تاشەبەردەکانی کێوەکانی کوردستان داوە، بۆیە ئەگەر هاوکاری هێزە کوردستانیەکانی لەگەڵ دانەبێ پەیماننامەکە خۆبەخۆ پوچەڵ دەبێتەوەو هەڵدەوەشێتەوە، لەو بەستێنەشدا ڕێزدار **سەرۆکی هەرێم** لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەکانەوە پێشتر بەڵێنی بە کوردستانیان دابوو کە شەڕی نێوان کورد و کورد کۆتا بووەو جارێکی دیکە دووپات نابێتەوە، بۆیە هیواخوازین کە هێزە کوردستانیەکان لەژێر هەر گوشارێک دابن مل بۆ شەڕی کورد و کورد نەدەن.

دوژمن و داگیرکەرانی کوردستان بۆ لەبێن بردنی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان هەموو ڕێگە و شێوازێکیان تاقی کردۆتەوەو ناکام ماونەتەوە، ئەمجارەشیان دەدۆڕێن، ئاکام ناچار دەبن لەسەر مێزی دانوستان دا مافەکانی گەلی کوردستان بسەلمێنن و دراوسێتی هەڵبژێرن.